کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
5-12-2007 1:01بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**کوردستان نالکێتەوە بە تورکیەوە، ڕەنگە بە ئامریکاوە! ... وانکۆ کوردستانی**

لەم رۆژانە ویتەی ئەوە بڵاو بووەتەو کە گوایا باشوری کوردستان ئەلکێتەوە بە تورکیەوە. هەروەها لە هەندێ ماڵپەڕە کوردیەکانیش دەنگوی ئەمەیان بڵاو کردوەتەوە و دڵەوریزی خۆیان لە هەمبەر هەڵەیکی وا دەربڕیوە. بە پێ ئەم ویتەیە، گوایا تورکان نیمچە خودگەردانیک ئەدەنە کوردانی باکوور و سەرانی کوردیش رازی ئەکرین بچنەوە ژێر ئاڵای تورک و دواتریش تورکەکان روو ئەکەنە هەولێر و کەرکوک و زوربەێ ئەو شارانەیش پڕ ئەبێ لە تورکی مەغولی. ! چۆن لەو کاتە، ئەو شارانە وڵاتی خۆیانەو کەس ناتوانێ بێژێ های تورک ئەوە بۆ هاتویتە هەولێر و خانەقین؟ ئەیژن ماران گەستە لە گورێسی رەش و سپی ئەترسێ، بەراستی کوردیش هەقی هەیە لە پلانی دوژمنان و ویتەێکی ئاوا بترسێت. ئەو کەسانە کە دڵەورێزیان هەیە لە دڵسوزانی کوردن و دیارە بڕوایان بە سەرکردایەتی کورد و حێزبەکانیان نیە و رابردوی لاوازی ئەوان بووەتە هوێ ئەم دڵەراوکێیە. بە هۆگەلی خوارەوە باشوری کوردستان نالکێتە تورکیەوە.

1 - ئیمڕوگەلی کورد دوژمنانی خۆی ناسیوە و لە ناو دوژمنانیش فرەتر لە تورکی خوێنرژ رقی هەیە تا پارس و ئەرەب. ئیتر بە هیچ چەسپێک کورد بە تورکەوە نالکێتەوە. ئەگەریش پەنج سەدەی پێش کورد لە دژی شێئەی سەفەوی دەستکردی ئروپا، پاڵی دایە تورکەوە لە جەنگی چاڵدران لە بەر هۆی سونیگەری بوو و نەیاندەویست بە زورەملێ ببنە شێئە. (. ئیسمائیل 13 سالە لە تەک دووبرای گەورەتری لە زندانی کیوی ئستەخردەرهێنرا و کرایە پادشای ئازەربایجان بە یارمەتی پارەی ونیزی) لە لاییکیترەوە ئەو کاتە کورد، خوێنرژی تورکیان ئەزمون نەکردبوو، هەروەها کوردستان بە دەست ئەمیرانی کوردەوە مایەوە و هەر ئەمیرێک لە ناوچەی خۆی دەسەڵاتی هەبوو، تورک نەیدەتوانی وەکۆ ئێستا کورد بتوێنەتەوە.. بەڵام ئیمرۆ هیچ هێزێک نیە لە دنیا بتوانێ کورد بە زۆر بلکنێتەوە بە تورکیاوە. ئەو بەشەی کوردستان ئەمە یەک سەدەیە جیایە لە تورک و تورکیاش نە بە زۆری سەربازی و نە بە پلانی فریودان ناتوانێ کورد رازی بکات بچێتەوە ژێر رەکیفی. تورکان هەزاران قەیرانیان هەیە و دەبێ دەست بگرن بە کەڵاوی خۆیانەوە با نەیبات.

2 - ئەگەر دنیا بە قسەیش بێ بەرەو دیموکراسی ئەروات، واتە دەنگی خەڵک بە کاردێت نە کوشتار و سەرکوت. لە هەڵبژاردن و راپرسیش هیچ کوردێک دەنگ نادات و رازی نابێت بچیتەوە ژێر ئاڵای گورگە بورەکان جگە لە چەند جاشی هوزی زێباری نەبێ، بەتایبەت ئاموزاکانی هۆشیار زێباری کە هەر خەریکی جاشیەتین. لە لایکیترەوە تورکیە ئەو وڵاتە نییە تەنانەت نیمچە خودگەردانیک بە کوردانی باکور بدات تا کوردانی گەرمیانی پێبخەڵەتێنێ. تورکان کە خەونی یورو دەبینن و دەیانەوێ بچنە ناو ئروپاوە، ئەمە چەند ساڵە لە ژێر فشاری ئروپا تەنیا لە هەفتە نیو سائەت تلێویزیونی بە کوردان داوە کە ئەویش بۆ گورانییە. تورکیە وڵاتێک نییە خودگەردانی و ئوتونومی پەسەند کات. تورک تەنیا مشت دەناسێت، کاتێک مشت و گورزی کوردی بەرکەوت ئەو کاتە ئامێدی پێ چۆڵ دەکرێت. لە وتارێکم ئاماژەم کردبوو کە جەنگی کورد و تورک دێر یا زوو پێش دێت. هەڤالێکم پرسی بە راستە پێت وایە جەنگی کورد و تورک پێش دێت؟ وتم ئەگەر بە جەنگ نەبێ کورد چۆن ئەتوانێت ئامێد و ئورفە ئازاد بکات؟ بەڵی بە جەنگ ئازاد دەکرێت و جەنگیش پێش دێت بەڵام نەک ئێستا. ئەو هەڤاڵە پێوابوو کە هەر ئیستا تورکیە هەڕەشە ئەکات ئەچێتە ناو خاکی باشوری کوردستان و ئەوا لەم کاتەدا جەنگ پێش دێت. وتم ئێستا تورکیە تەنیا هەڕەشە ئەکات کە سەرکردایەتی کورد بترسنێت و ئەگەر بتوانێت جارێکیتر جەنگی براکوژی لە نێوان کوردی باشور و باکور بەرپا بکات. ئەگەریش رێگە بدری لە لایەن

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئامریکاوە ئەوە تەنیا ئەتوانێ چەند ناوچەیکی تەسکی سنووری ببەزێنێت و یا توپ بارانی کات. ئەو هەڕەشە و گوڕەشانە فرەتر بۆ خوراکی ناوخۆی تورکیەیە.

3 - گەلی کورد دەبێ لە خۆیان بپرسن، ئامریکا بۆ هاتووە ناوچەی خۆرهەلاتی ناوەراست؟ بۆ سەدامی لە کوەیت دەرکرد و بۆ لەوکاتە لە ناویان نەبرد و دوای یەک دەهە لە ناویان برد؟ هەروەها بۆ ئەو هەموو پارە هەر رۆژ خەرج دەکات و گیانی رۆلە لاوەکانی ئەخاتە مەترسیەوە؟ ئەمە گەمەی سیاسی نییە، بەلکۆ لە ئستراتژی و بەرنامەی درێژخایەنی ئامریکاوە هەلدەقولێ. ئەگەر وەلامی ئەم پرسیارانەیان بۆ دەرکەوت. ئەوا ئیتر لە تاریکی دێنە دەرەوە ئیتر دلەوریز و نگرانیش نابن، بەلکۆ ئەزانن چۆن ئستراتژی خۆیان دابرژێنن کە ئەم جارە بە قازانجی خۆیان کەلک لە هەل و مەرج و ئالو گۆڕەکان بگرن و کلاو نەچێتە سەریان. سەرکردایەتی کورد پێویستی بە دەستگاییێکی راوێژکاری بەرین و بەهێز هەیە کە هێشتا بەداخەوە نیەتی. ئامریکا نەهاتووە ناوچەکە بۆ چوار، پەنج سالێک و هەندێ ئالو گورێ چکۆلە. ئەوان ئەزانن ئالو گور پێویستی بە چەند دەهە هەیە. ئەوان لای کەم فرەتر لە پەنچا سال لەوێ دەمێنەوە. بۆ نمونە دوای جەنگی جەهانی دووەم و جەنگی کورە، هێشتا هێزەکانی ئامریکا لە ئالمان و کورە ماونەتەوە. باشترین پێگەیش بۆ ئامریکا تەنیا کوردستانە، هەرچەند ئامریکا جارێ ناز ئەکات و بایەخ ناداتە کوردستان، بەلام دواتر ناچار ئەبێت بە راشکاوی داوای پێگە لە کورد بکات.

4 – ولاتانی ئەرەبی، ئێران، ئەرمەنستان و یونانیش دژی ئەم لکاندنە ئەبن. چۆن ئەمە هاوسەنگیەکانی ناوچەکە تێک ئەدا و تورکیە بە ئابورێکی گەشەداری نەوتی ئەبێتە مەترسی بۆ سەر ولاتانی هاوسای خۆی وەک ولاتانی ئەرەبی و ئێران و ئازەربایجانیش. ئێستا تورکیە ملکەچی ئروپایە کە رێگەی بدەن کرێکارەکانی بچنە ئروپا کار بکەن، ئەوکاتە ئیتر ئروپای بۆچییە؟ ئروپا و روسیەش ئەم لکاندن و داگیرکردنەیان لا باش نییە و دژایەتی دەکەن.

5 - ئامریکا و دنیا هەر رۆژ فرەتر لە جاران پێویستیان بە ئێنرژی نەوت و گاز هەیە. خۆرهەلاتی ناوەراست و کوردستانیش بەتایبەتی کانگای ئەم سەرمایەیە، دەبێ پارێزگاری بکرێت نەکەوێتە دەستی ملهوڕان و تروریستان. چین و هندیش هەر رۆژ پێویستیان بە نەوت و گاز فرەتر دەبێتەوە و ئەم کالا گران بەهایە بەشی داوخوازی دنیا ناکات. کەوابوو ئامریکا نەهاتووە ئەوێ سەربازانی خۆی قوربانی بکات کە ئەم کانگای ئێنرژیە بدەنە دەست گورگە بۆرەکانی تورکەوە. ! لە بەرجەوەندی ئامریکا نییە ئیمپراتوری ئوسمانی زندو ببێتەوە. تورکیە لە ناو قەیرانی ناوخۆیی نوقمە و تەنیا ئەتوانێ لە کورد دیانریچەوە بکات و هیچیتری پێ ناکرێت. تورکان ئەیانەوێ قەیرانی ناوخۆیی خویان بشارنەوە و بیگوازنەوە بۆ دەرەوەی ولاتەکەیان. باشوری کوردستان نابێت لە هەڕەشەکانی تورک بترسێت، هەروەها نابێ لە باری ئابوریەوە خۆیان ببەستنە تورک یا ئێرانەوە. ئەو چتەی کە من نگران ئەکات، نەک هەڕەشەی تورکانی پەک کەوتەیە بەلکۆ ئەوەیە کە کورد پاش 16 سال نەیتوانیوە ژێرخانی ئابوری خۆی دابمەرزێنێ و ببوە بە پاشکۆی تورک و ئێرانەوە. دەبێ لەم پاشکویەتیە بینە دەرەوە. نابێ کارەبای کوردستان لە لایەن تورک وئێرانی دوژمنەوە دابین بکرێت، کە هەر کاتێک ویستیان بیبرن.

6- کوردستان جگە لە نەوت و گاز، لە باری ئاوی شیرینەوە یەکێ لە ولاتەکانی دەولەمەندی جەهانە. چل سال پێش دەستەیکی زانای بواری ئاویاری ئیسرایل ئەچنە ئێران، ئەوانە کاتێک رووبارەکانی روژهەلاتی کوردستان ئەبینن بە سپابود فەردوست هاورێ دەست راستی شا، ئەیژن ئەگەر ئێمە تەنیا یەک چەمی کوردستانمان هەبایە، ئەوا دەولەمندترین ولاتی ئەم جەهانە دەبووین. بە بیر ورای فرەێک لە لێکولەرانی رامیاری و ئابوری جەهان، جەنگی داهاتوو نە لە سەر نەوت بەلکۆ لە سەر ئاوی شیرین

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەکرێت. کوردستان کە کانگای نەوت، گاز، ئاوی شیرین و ئورانیوم و زێڕو زیو و هەزاران کانی بەنرخە، دیارە دەبێتە جیگای چاولێبڕینی هەر چاوچنوکێک. ئێمەی کورد دەبێ بە وریایی و یەکیەتی پارێزگاری لە وڵاتەکەمان بکەین.

سەدەی بیست و یەک سەدەی کوردە، ئەگەرئیمە دەست لە تورک و پارس و ئەرەب هەڵگرین و ئەوان بە داگیرکەری وڵاتمان بناسین و لە کوردستان دەریان کەین. کوردستان لە قۆناخی فرە هەستیاری سەربەخوییدایە. ئەگەرکورد بەرنامە و ئستراتژی نەبێت و نەتوانێ سەربەخۆ بیر کاتەوە و کەونە دوای ئێرانچیەتی و ئێراقچیەتی و ئیسلامچییەتی و جاشیەتی داگیرکەرانی کوردستان، ئەوا دیسان بە تورکیەوە نالکێتەوە بەڵکۆ ڕەنگە بلکێت بە ئامریکاوە. بۆ دەبێ ئامریکا کوردستان ئەم کانگای ئێنرژیە بداتە تورکیە؟ لە کاتێکدا ئامریکا خوی ئێنرژی پێویستە. ئەگەریش ئامریکا ئێستا هەندێ بە تورکیە باج ئەدات لە بەر چەند پێگەێکی سەربازیە کە تا چەند ساڵیتر ئیتر پێویستی بە پێگەیانەیش نامێنێت و ئەو کاتەیە کە گلۆڵەی نەهامەتی تورک ئەکەوێتە لێژی. بە بروای من کوردستان بەرەو سەربەخۆیی دەڕوات نەک بەرەو کوێلیەتی. بە یاری ئاهورامەزدا کوردستان ئازاد دەبێ لە ژێر چەنگی داگیرکەران و ئایین ئاهورایی دەگەرێتەوە کوردستان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.